

# شەهید ئەردەلان

## ئەردەلان میرخان ئەسعەد ئۆمەر

یەکێکی دیکە لەو گەنجانەی کە لە خەمی کورد و کوردستان و پارێزگاری کردن لە هاونیشتیمانیان و خاکەکەیدا شەهید بوو و لەو پێناوەشدا گیانی خۆی بە خاک سپارد، لە سنووری ناحیەی تەق تەق- قەزای کۆیە، شەهید ئەردەلان میرخان ئەسعەد ئۆمەر بوو.

شەهید ئەردەلان میرخان، لە یەکی حوزەیرانی ساڵی (١٩٨٤) لە ناحیەی تەق تەق- قەزای کۆیە، لەدایک بووە، بەڵام لە بنەڕەتدا لە گوندی تاڵەبانی گەورەوە چۆتنە تەق تەق و تێیدا گیرساونەتەوە. لە ماوەی تەمەنیدا لە خوێندن بەردەوام بووە و تاکوو پۆلی شەشی ئامادەیی/دوازدەی خوێندووە و لەدواتردا بەهۆی ئەوەی بۆتە پۆلیس وازی لەخوێندن هێناوە و زیاتر سەرقاڵی دەوامی پۆلیسی بووە لە سنووری جوگرافی شاری کۆیە، لەبەرئەوە دەرفەتی خوێندنی نەماوە.

شەهید ئەردەلان، لە ساڵی (٢٠٠٥)ـەوە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە کردووە و بووە بە پۆلیس و سەرقاڵی دەوامی خۆی بووە، بەڵام لەدوای هاتنی داعش بۆ ناوچەکە، شەهید ئەردەلان و ژمارەیەک هاوڕێی دیکەی بەمەبەستی بەرگری کردن لە خاکی کوردستان دەچنە ڕێزی پێشەوەی بەرگری کردن، لەبەرانبەر داعشدا، تا ڕێککەوتی نۆزدەی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)ـدا، لەگەڵ سەرباز

ئەکرەمی هاوڕێی بەهۆی بۆمبی چێندراوەوە لە گوندی (ئینگیجە) لە دووز خورماتوو گیانی بەخاکی کوردستان دەبەخشێ.

لەدوای گیان لەدەست دانی شەهید ئەردەلان و شەهید سەرباز، بەمەراسیم و ڕێ و ڕەسمەوە دەهێندرێتەوە و لەلایەن خەڵکی ناوچەکە پێشوازیان لێدەکرێ و بەڕێزەوە دەیبەنەوە زێدی خۆی کە گوندی تاڵەبانی گەورەیە، لەوێدا لە گۆڕستانی گەورەی تاڵەبانی گەورە، بەخاکی دەسپێرن و نێوی چووە نێو کاروانی شەهیدانی کوردەوە.

شەهید ئەردەلان، دووەم شەهیدی خێزانەکەیانە، چونکە لە ساڵانی نەوەدەکان برایەکی دیکەی بەناوی ڕەشید میرخان ئەسعەد شەهید دەبێ و لە ئێستادا سێ خوشک و چوار برای لە ژیاندا ماوە.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێزان (عەیشی تەها ساڵح ، دایکی شەهید و ئارام میرخان ئەسعەد، برای شەهید و هەتاو میرخان ئەسعەد، خوشکی شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی یازدەی تەمموز، ڕۆژی دوو شەممە، لەماڵی دایکی شەهید، لە تەق تەق.





